# میزانیەی ساڵێک بە یەک ڕۆژ دزرا. . . . مەریوان نەقشبەندی

وەزیری دارایی عێراقی (فیدراڵ) لەناكاو ویژدانی جوڵاو بەرۆژنامەی (ئیندیپندنت) ی بەریتانی گوت لەناو وەزارەتی بەرگری عێراقدا ملیارێك دۆلار دیار نەماوە و مەبلەغێكی هاوشێوەش لەهەردوو وەزارەتی كارەبا و گواستنەوەدا نەماوە،
با لەسەرەتاوە لەجەنابی وەزیری داراییەوە دەستپێبكەین كەئایا بۆچی ئەو هەموو رۆژنامەو تەلەفزیۆن و گۆڤار و رادیۆیانەی عێراقی تێپەراندوە و لەحزوری (ئیندپندنت) ی بەریتانیدا ئەم دزیەی ئاشكرا كرد؟!. عەلی عەللاوی وەزیری دارایی نزیكەی شەش مانگە وەزیرە و بەرپرسی رێكخراوی (بەدر) یش چوار مانگە بەرپرسی لیژنەی (نەزاهە) یە لەپەرلەمانی عێراقدا كەچی ئەم دوو (دڵسۆزە) ی عێراقی (موەحەد) لەكاتێكدا خەریكە ماوەی حوكمرانی خۆیان و (ئاغای جەعفەری) تەواو دەبێت و بەرەو راپرس و هەڵبژاردنی تازە دەرۆین، ئینجا ئەم (دزی) یە زەبەلاحانە ئاشكرا دەكەن، ئەو دزیەی كەمن دڵنیام كراوە و گەورەترین دزیشە لە مێژوی هەر وەزارەتێكی وڵاتانی جیهاندا و هەروەك شارەزایانی ئابووری دەڵێن ئەم برەپارەیەی دزراوە یان دیارنەماوە دەكاتە میزانیەی ساڵێكی وەزارەتی بەرگری عێراق و میزانیەی 10 ساڵی وەزارەتی پێشمەرگەی كوردستان.
لەم شەوانەدا بەرپرسی رێكخراوی بەدر لە كەناڵی جەزیرە وە هاواری دەكرد و دەیگووت:ئەگەر بزانم لەناو سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانیشدا گەندەڵی هەیە بێدەنگ نابم و بانگهێشتی پەرلەمانیان دەكەم، بەڵام رۆژنامە بەریتانیەكە لەسەر زاری وەزیری دارایی عێراقەوە دەڵێت:هەر لەیەكەم رۆژەكانی دەستبەكاربوونمەوە ئەم گەندەڵیەم بەهەموو وردەكاریەكانیەوە بە ئیبراهیم جەعفەری گوتووە و ئەو ئاگای لەهەموو شتێك هەیە، .
جەعفەری هەتا نووسینی ئەم بابەتە هیچ لێدوانێكی لەمبارەیەوە نەداوە بەڵام دڵنیام جگە لە چەند قسەیەكی تەمووم‌ژاوی و كە بەشێكە لە دبلۆماسیەت و ئەتەكێتی ئەم سەرەك وەزیرانە، شتێكی ئەوتۆ نابیستین، جەعفەری لەرێگای چەند وەزیر و یاریدەدەرێكی خۆیەوە دەیەوێت رێگا لە گەرانەوەی د. ئەیاد عەللاوی و ستافەكەی بگرێت، چونكە وەك ئاشكرایە عەللاوی سەرەك وەزیران و د. حازم شەعلانی وەزیری بەرگری پێشو، لەدوژمنە سەرسەختەكانی رژێمی ئێران و دامەزراندنی دەوڵەتی ئاینین و زۆر بەراشكاوی دەڵێن نابی مەرجەعیەتە ئاینیەكان هیچ دەستێوەردانێكیان لە كاروباری بەرێوەبردن و سیاسەتی دەرەوەی عێراق هەبێت، .
لەناو ئەم مەعمەعە سیاسیە و لەم پیلان و بەرە لەژێرپی راكێشانەی نێوان عەرەبەكانی عێراقدا كورد باجێكی گەورە دەدات و هەتا ئێستا پێشمەرگەی كوردستان بەهۆی ئەم گەندەڵیەی وەزارەتی بەرگریەوە نەگەیشتۆتە ئاستێكی بەدەنی و تەكنیكی سەربازی پێویست، لەبواری كارەباشدا ئەو 600 ملیۆن دۆلارەی كە لەناو وەزارەتی كارەبا دزراوە راستەوخۆ كاریگەری سلبی لەسەر بی كارەبایی كوردستان كردوە و بۆچونێكی سلبی لەسەر حكومەتی هەرێمی كوردستان دروست كردوە، چونكە خەڵكی كوردستان لەو گەندەڵیانەی ناو وەزارەت و دامودەزگاكانی حكومەتی عێراق شارەزا نین و نازانن لەبەغدا چ ماڵوێرانیەكە، .
جائەگەر دەستووری هەمیشەیی عێراق پەسەند بكرێت ئەوا رەنگە بتوانین خۆمان لەو بارودۆخە تەمووم‌ژاویەی عێراق قوتار بكەین، بەڵام ئەگەر دەستوور پەسەند نەكرا ئەوا هەرێمی كوردستان پێویستی بە پلانێكی تۆكمەی نەتەوەیی دەبێت بۆ خۆجیاكردنەوە لەو پاشاگەردانیەی لە بەغدا هەیە و هەر بریار و هەڵوێستێكی سیاسی یان ئیداری یان تەنانەت سەربازیش لەلایەن سەرۆك و سەركردایەتی گەلی كوردستانەوە بدرێت، حەتمەن جێگای رەزامەندی دەبێت و پشتگیریەكی جەماوەری و لەوانەیە نێودەوڵەتی بەهێز بۆ گەرانەوەی هەموو یان زۆربەی ئەو ناوچانە دەبێت كە هێشتا لەرووی ئیداریەوە لەسەر هەرێمی كوردستان نییە. .